کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# دیمەنی بەبەرد کوشتنی( دوعا) کام ویژدان ناهەژێنێت..؟

کوشتنی مرۆڤ بۆ هەرچیەك بێت دەکاتە فەوتان و سڕینەوەو مردن . گەرچی لەکۆتاییدا هەموو شێوازەکانی کوشتن یەکسان دەبنەوە بەیەك بەلام جیاوازی گەورە هەیە کەچۆن ژیان و بوون لە کوژراو دەسەنرێتەوە. لەوولاتێکی وەك ئەمریکا کەسی سزا دراو بەمەرگ مافی هەڵبژاردنی شێوازی مردنی خۆی هەیە بەلام لەوولاتێکی وەك سعودیە تا ئێستاش لەسێدارەدان بەهۆی شمشێرەوە پەیڕەو دەکرێت بە سەر پەڕاندن لەلاشە. لەزۆر وولاتیشدا لەسێدارەدان هەر نیە. هەموو چەکێك مرۆڤ دەکوژێت بەلام هەندێك چەك بڕیاری بەکارهێنانی یاساغ کراوە.
پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقی ، تراژیدیترین دیمەن وێنەی ئەو کوژراوانە بوون لەبەردەم کامێرا وەك ئاژەڵ سەردەبڕان ، ئەو سەربڕینانە هەموو ویژدانێکی دەهەژان و ئەو پرسیارەی درووست دەکرد تۆڵە یان هەر ئامانجێك چەند گەورە و پیرۆزیش بێت مرۆڤ دەکاتە ئەوەی بە چەقۆ ملی دوژمنەکەی ببڕێت لەکاتێکدا شێوازی ئاسانتر و خێراتر هەبێت.
لەم ڕۆژانەدا دیمەنی کووشتنی کچە ئێزیدی بەبەرد و لەبەر چاوی کامێرا دیمەنێکی هەرە ترسناکی تر بوو ئەو پرسیارەی وورووژاندەوە لە وویژدانا دەبێت ئەوانەی ئابەو شێوەیە کەسێك دەکوژن بۆچی شێوازێکی تر هەڵنابژێرن و تامردن بەردبارانی کچێك دەکەن ئەوانە بەڕاستی وەك هەر مرۆڤێکی تر مرۆڤن.....؟ کوشتن چەند تاوانیش بێت بۆ ئێمە ئاسان نیە پەرژین و سنووری خێزانی ببەزێنین و قسە لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی کەسانی تر بکەین . بەلام نمایشکردنی ئەو کوشتنە ئازارێکی دەروونی و وویژدانیش لای کەسانی تر درووست ناکات ..
بەبڕوای من کەم کەس هە یە هەست بەتاوان نەکات و وەك ڕەووشتیش بەئەرکی مرۆڤانەی خۆی نەزانێت کەداگایی کردنی تاوانباران وەك چۆن گیانی ئەو کیژە شاد دەکات ئاوەهاش هەموو وویژدانێکی پاك و زیندوو ئارام دەکات. تا ببێتە پەندێکیش بۆ داهاتوو. خۆزگە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی کوردستان بیانتوانیایە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکردایە و بۆ ( دوعا ) و بۆ خۆیان و بۆ مرۆڤایەتی و بۆ مێژووش لەپەرلەمانی کوردستاندا ئەو تاوانەیان ڕیسوا بکردایە.

شێرزاد عەزیز